www.kurdistannet.org
19-2-2003 13:08

# میدالیا

مەهاباد قەرەداغی

هۆرەی ئەم تابووتە. .
لە بێدەنگی مردن دەچێ!
ڕۆح ساوایەکی مەزنە و. .
دەستی زریانی زەمەن ڕایدەژەنێ!
تابلۆیەکی ڕەشە سروشت،
پەردەی قەترانی خەون دایدەپۆشێ
بە درێژایی تەمەن
گوێ لە بێدەنگی ئەم هێڵ و هێمایانە دەگرم
ڕەنگەکان لە مەرگی دەنگ دەدوێن
ئەستێرەکان. . وێنەی خاچ هەڵواسراون
خۆر مینا پرتەقاڵێکی ڕەش. . لەت لەت بووە
عەشق ئەبەدییەتی قووت داوە
ماچ بووەتە هەڵم!
. . .
گوێ لە ڕەنگ دەگرم
مشتێ هەواڵ دەڕژێتە چاوانم
تووڕەکەیەک خەونی شەپۆلاوی لە هەگبەی هۆشمدا
ڕێی بزربوونێکی تر دەگرێتە بەر
قاچەکانم بیر لە کۆچێکی تر دەکەنەوە!
تاوێرەکان پرچی سپی خۆیان دەسکەنە دەکەن!
ئۆردوگاکانی ئاسمان،
پڕن لە خەندەی ڕووبار و. .
گریانی بەهار
دارستانەکان پڕن لە ماسی مردوو
دەریاکان پڕن لە کۆتری هار
. . .
ونبوون تێم دەڕوانێ
من تابلۆیەکم بە دیواری شەپۆلەوە هەڵواسراوم

پڕم لە دەنگی ماسی. . و. .
شێوەی مرواری. . و. .
قاسپەی هەتاو
سیخناخم لە خەون و بێداری
. . .
قا قا هەرەس دێنێ
وەک شەپۆلێکی ڕەق لە کاتی گیاندان
هاوارەکان. .
دەستی بەزەیی دێنن بەسەر پرچی مەرگ و. .
تەرمەکان شل دەبنەوە!
. . .
من بە مەرەکەبی سەراب
سەدان جار نیگاری مەرگم کێشاوە و. .
میدالیایەکی ئاوییم. .
بە دیواری گەردووندا هەڵواسیوە!
زەوی بووەتە سێوێکی ڕەشتر لە ڕەش
مەرگ تانوپۆیەکی ئاگرینی نەخشەی ئەوین. . و
چوارچێوەیەکی زێڕینی نەخشەی ژینە. .
بێدەنگی شێتە،
هاوار ژیرە،
گەڵا سەرابێکە مێژووی دەریای نووسیوە!
هێماکان باسی سووتان دەکەن
هێڵەکان لە ڕەنگی قاوەیی خوێنی خواوە
ڕژاونەتە ئاسمان!
لە هەموو دەڤەرێکی بوون
باس هەر باسی مەرگی ڕەنگە!
هەواڵی زبر. بە خوڕ دەڕژێتە چاوەکانی ڕۆژ!

1994-12-13
فاڵشۆپینگ
لە دیوانی (میدالیا) وە.

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15